ئاڵی‌کەندی

# خەم خۆرانی گەل بناسین

عەزیزی محەممەدپوور ناسراو بە داشبەندی نووسەر و وەرگێرم چۆن ناسی!

ئاڵی کە ند گوندێکی بچووکی ناوچەی بۆکانە. ئەو ئاوایە گچکەلآنەیە لە چاو ئەوەی کە چوک بوو، بە لە سەرێ بوونی پلەی زانیاری خەڵکەکەی هەمیشە لە بەربەرەکانی بە دژی ئاغا چەکمە رەقەکان و ساواکی‌یەکانی رژیم پاسگا و ژاندەرمەکانی شا دا بوو. هەر بۆیە خەڵکی ئاڵی کەند لە گەڵ گرتن و قۆڵبەست کردنی رۆڵەکانی لە لایەن رژیمی شاوە ڕاهاتبوون و لایان سرووشتی بوو.

ساڵی ١٣٤٣ بوو . ئێستا بە تەواوی راست و چەپی خۆم نەدەناسی بەڵام دەمزانی نوقڵ وخورما شیرنن. ئەو رۆژە
ئاڵی‌کەند دیمەنێکی تری هەبوو لە کوولانە یا خوود رۆچنەی هەموو ماڵێک دووکەڵێکی تایبەت بەرەو ئاسمان دەرۆێ ، جل و بەرگی تازەیان لە بەر کرد بووین . نەمان دەزانی بۆ جێژنە ؟ و کام جێژنە ؟ کاتژمێر٣ ی پاش
نیوەڕۆ بوو هەر ئەوەندەم زانی، هەر خەڵکە و بەرەو خوارەوەی ئاوای ڕا دەکەن.

کەس نە دەگریا ، راکردن بە چەقەنە و لێدان و چەپڵە رێژان بوو . زۆر بە سەیری دایکم هاتە پێش چاو، تاوەیەکی فافۆنی دەست دا بوویە و لە ژێر لێوەوە ورینگەی دەهات و دەیکوتا. ویستم پرسیار بکەم چی بووە، فریا نەکەوتم و بە سەرم دا قیژاندی رابکە مامەکانت هاتنەوە نوقڵ و خورمات دەدەنێ . منیش بە دوای خەڵکیدا تێم تەقاند. کە گەیشتمێ چ ببینم.! ! ؟ ؟ سێ برا، سێ شێری نەبەزیوی زیندان. خەڵک ماچیان دەکردن گەورە و بچووک نێر و مێ ، بێگانەی تێدا نەبوو .

ئەمجار بە هەموو رەنگێک خەڵکم بینی ،سوور و شین ، زەرد و کەسک ، دەم بە پێکەنین ، چاو بە فرمێسکی شادی ، بە کورتی هەر لفکەی سۆرانی دەستان بوو هەڵدە سوورا، خەڵک دڵخۆش بوون مەلاعەزیز(عەزیزمحەممەدپوور) دێتەوە ، گەنج و لاو شاد مامۆستایان دێتەوە .

من کە گەیشتمە مە لاعەزیز لە بەروەی کە نیشانەیەکی تایبەتیم بە لا سەرەوە بوو زووی ناسیمەوە لە ئامێزی گرتم ، ماچی کردم و چەند دەنک نوقڵی پێدام .
بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناوچە و مەجلیسەکاندا باس هەر باسی ئازایی مە لاعەزیز لە زیندان بوو . بە قەولی هاوزیندانێکی کە فە رمووی:

کورد لە کاتی قەرەبالغێکی زۆردا دەڵێ: دووقرانیت هەڵاویشتبا نە دەکەوتە ئەرز، منیش دەڵێم:

ئەگەر لە سەر لەشی عەزیز محەممەدپوور دەرزی هەڵاوێیت ، بکەوێتە سەر هەر جێیەکی لەشی حەتمەن شوێنی

داغی ساواکی شایە لە زیندان دا.

بەڵێ ساڵ هاتوو تێپەڕ بوو، مەلا عەزیز دەستی پێ کردەوە.

بێ ڕەزامەندی شا و ساواک لە ئاوای ئاڵیکەند لە ماڵی خۆی قوتابخانەی بۆ منداڵانی دێ کردەوە دەستی بە دەرس وتنەوە کرد. دەستی دایەوە دژایەتی کردن لە گەڵ ئەو ئاغا زاڵمانەی کە بە پاڵپشتی ژاندارم و ئەمنییە چاو زەقەکانی شا خەڵکیان لە بەریانی بەند و ئاوەکان دەنا ، ئەوانەی بە شیپی خەرەزەن وەرزێرانیان ئەم دیو و ئەو دیو دەکرد. بە کورتی هەتا ئەو لە ئاوای ئاڵیکەند بوو زوڵم و زۆری ئاغاش برا و نەما . بەڵام کوا شا

و ئاغا رووناک بیرێکی وەرزێریان خۆش ویستووە. پیلانیان بۆ دانا، چەندین جاسووس و ساواکیان بۆ تەرخان کرد.

من کە ئەم سەربردەی عەزیزی داشبەندیم بیست و بینی ، زیاتری وەدواکەوتم ئەمجار گەورە ببووم شتم دەزانی ماموستام زۆر شتی بۆ باس کرد بووم ، سروودەکەی محەممەد جەزا بۆ خوشکە لەیلام پیت بە پیت لە بەر کرد بوو دەمگوتەوهیان گۆرانییە سەر زارەکەی ( دوو نەفەر بوون قاچاخچی پێیان بوو دوو سیپ چایی ... دەور و بەریان لێ گرتین ژاندەرمەی ئەمریکایی ) م زۆر بە ئاسانی دەگوتەوە . گەرام بە دوای ژیان و بە سەرهاتی زیاتری محەممەدپوور و هەتا ئەوەی بۆم دەرکەوت و هاو بەندییەکانیم دۆزیەوە . بەرێزان کاک مەناف و خوا لێخۆشبوان کاک سلمانی عەلی ئاغا ( سلمان عەلیار ) و قاسم ئاغا و کاک سوارەی ئێلخانیزادە( ئەو کات بەینی کاک سوارە و کاک سەلاح موهتەدی ئێستا تێک نەچوو بوو !!؟؟ ) لە زیندان دا لە گەڵ مە لا عەزیز بوون و کاتێک کە بەرێز قاسم ئاغا لە زیندان بە چاوی خۆی ئەشکەنجە دانی محەممەدپوور بە دەستی جەللادەکانی شا و ساواک و بەربەرەکانی کردنی ئەو رۆڵە تێکۆشەرە دەبینێ ، و ئەو لە پێش مەلاعەزیز ئازاد دەکرێ لە زۆر مەجلیسان باسی ئازایی دەکات و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پاش چەندین ساڵ ئازاد بوونی مەلاعەزیز زۆر بەی فەقێکانی سەردەشت جێژنی ئازاد کرانی بگرن.

عەزیزی محەممەدپوور لە کاتی تێکۆشان و وریا کردنەوەی رۆڵەکانی گەلەکەی لە و شارانە هەر جارێ بە بیانویەک گیراوە وەک ، تاران، سنە،مەریوان،بۆکان مەهاباد،ورمێ ،مەراغە و سەر ئەنجام رژیم پاش ئازاد کردنی لە زیندان ئیزنی پێ نەداوە بێتەوە کوردستان و ئەویش لە هەندەران درێژەی بە ژیان و خوێندن داوە هەتا

توانیویەتی بە سەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی، عەرەبی و فارسی دا زاڵ بێ و لیسانەسەکەی وەر بگرێ و ئێستا ماموستای زانکۆیە لە تاران.
عەزیزی محەممەدپووری ناسراو بە داشبەندی موکری شاعر و نوسەر و وەرگێر، کوری وەستا رەحمان لە ساڵی ١٣١٩ لە ئاوایی حاجیلەک لە چۆمی مەجیدخان لە دایک بووە و پاش زۆرکۆچ و ماڵ بار کردن لە ئاوایەکانی ناوچەی بۆکان لەم دێ بۆ ئەو دێ بنەماڵەکەی لە گوندی ئاڵیکەند گیرساونەتەوە و مە لاعەزیزیش هەموو ژیانی لە زیندان یان لە ئاوارەیی و دوور لە کوردستانی ئازیز بە سەر بردووە، و هەتا ئێستا ئەو کتێبانەی نوسیوە یا وەرگێراوەتەوە سەر کوردی !

١- دیوان و شرح حاڵ ( شێخ ئەحمەدی کۆر)
٢- چیرۆکی دار پیرەدار
٣-چیرۆکی شەماڵ وزریان
٤- کتێبی رێزمان وخاڵ دانانی رێزمانی کوردی
٥- سەرەتای بەدی هاتنی شێعر و موسیقا
٦- شێخ سۆفی ئاڵیکەند
٧- لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی کۆ کرنەوەی قورئانی پیرۆز و نوسینی تەجوید
٨- لێدوانێک سەبارەت بە تەجویدی قورئان
٩- کۆنگرەی مەولەوی کورد یا ناوداران و زانایانی کورد
فارسی !
١- فقه شافعی
٢- مجموعه قوانین ومقررات اوقافی
٣- آداب ورسوم کوردان
٤- تاریخچه ثبت واوقاف و شرحی ...
٥- قواعدالصرف ا لصرف
٦- گردنبند مروارید
٧- جبر واختیار
٨- سیامندیه یا مقولات عشر...
٩- رساله مختصرتاریخچه یه فلسفه و حکمت وسیر ان در عالم
١٠- رساله پاسخ به مقام استاد شیخ الاسلام کردستان
١١- کتاب پژوهشی در باره جزری
داشبەندی لە شێعرێکی دا ئاوا دەڵێ !
هەموو مافخوازی هۆز و گەل وەدەست هێنانی کات و هەل
هەڵۆی خێرا لە جوجک و مەل چاوەروانن لە بەرزیی کەل

هەتاوی رۆژی سەربەستی شەبەق باوێتە سەر هەستی
ئەوەی چووە بێتەوە دەستی دەری خاتن لە بن دەستی
تۆڵەستێن هەر لە گاوانی  بە پێنووس و  بە ئەزمانی
گوتی نووسی بە پەنهانی چوونی سەر چاک و پیرانی

مانگی  یەکی ٢٧٠٤ کوردی

***

پێویستە بگوترێ  ئاڵیکەندی ١٥ بنەماڵەی ١٤ پێشمەرگە و٦ شەهیدی لە ریزی حیزبی دێمۆکرات دا پێشکەش بە بارەگای نەتەوەکەی کردووە